بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٠
مێژووی بڕیار: ٢/١٠/٢٠٠٠

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

## «بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی برگە «٨»ی ماددەی «١» لە یاسای ژمارە «١»ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و، ماددەی «٩٤» لە پێڕۆی ژمارە «١»ی هەموارکراوی ساڵی «١٩٩٢»ی ئەنجومەنی نیشتمانی و، لەسەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ژمارە «٧»ی ڕۆژی ٢/١٠/٢٠٠٠یدا، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا:

یەکەم:

دەسەڵات بە دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەدرێ کە میلاکاتی ئەنجومەن دیاری بکا و پەیکەری ئیداریی دابنێ.

دووەم:

دەسەڵات بە سەرۆکی ئەنجومەن دەدرێ کە فرمانبەرانی خۆی بەپێی یاسا لەسەرکار دابمەزرێنێ و تەرفیعیان پێ بکا و سزایان بدات و خانەنشینیان بکات.

د. ڕۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق